رافیدەین یەکەم وەجبەی پێشینەکان بە فەرمانبەران و کارمەندانی ناوخۆ و بەرگری و خانەنشینان دەستپێدەکات

ئەمە چوارشەممە، بانکی رافیدەین دەستپێکردنی وەجبەی یەکەمی پێشینەکانی بە فەرمانبەران و کارمەندانی ناوخۆ و بەرگری و خانەنشینان ڕاگەیاند.

بانکەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: وەجبەی یەکەمی پێشینەکان بە فەرمانبەران و کارمەندانی ناوخۆ و بەرگری و خانەنشینانی هەڵگرانی کارتی ئەلیکترۆنی کە لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنی ئەلیکترۆنی بانکی ڕافیدەین داواکارییان پێشکێش کردووە، دەستپێکرد.

ڕونیشیکردەوە: داواکاری پێشینەکە کراوەیە و لەبەردەستی ئەو کەسانەدایە کە لەکاتی دەوامی فەرمیدا دەیانگرێتەوە، هەروەها داواکاری داواکاران لەو ماوەیەدا وەردەگیرێت، دواتریش بانك بەی پێشینەکە بەرزدەکاتەوە و بانسی دارایی بە پێدەکاتەوە لە هەمان ڕۆژدا کە داوای لێکراوە، بە ئاگادارکردنەوەی کەیار لە ڕێگەی کوتە نامەیەکەوە کە ئاگاداری دەکاتەوە لە پێدانی پێشینەکە دوای تەواوکردنی هەموو ڕێکارەکان و خەرجکردنی ئەلیکترۆنی.